# دەسەڵاتە سیاسییەکان و پرۆسەکانی دابەش بوونەوەیان

بژار
kbahrami@shaw.ca

چەق بەستنی گرفتی دەسەڵاتە سیاسییەکان لە دابەش بوونەوەکانیاندایە . هەموو دابەش بوونەوەیەک , بردنەوەی لایەک و دۆڕاندنی لایەکی تری لە خۆیدا گرمۆڵە کردووە . دەستکەوتەکان و لە دەست دەرچووەکان , پێکەوە دابەش بوونەوەکان دروست دەکەن . سەرکەوتنەکان و ژێرکەوتنەکان لە یەک پرۆسەدا گەڵاڵە دەبن . بوونی هەر یەکێکیان بەستراوەتەوە بەوی تریانەوە . داگیر کردنی دەسەڵات بەرئەنجامی لێسەندنەوەی دەسەڵاتە " ئەمە جگە لەوەی کە داگیرکردن بۆ خۆی – خۆی لە خۆیدا – خاسیەتێکی دەسەڵاتە سیاسییەکانە " . لە هەر شوێنێکدا دەسەڵات زۆر ببێت , ئەوە لە شوێنێکی تردا دەسەڵات کەم دەبێت . دەسەڵاتە سیاسییەکان هەرگیز لە خۆیانەوە زیادوکەم ناکەن . مەسەلەی کێشمەکێش لە سەر دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاکایەتییەکان , مەسەلەیەکی زیندووی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکانی کۆمەڵگاکانی جیهانە . جەوهەری کێشمەکێشەکان دابەش بوونەوەی سەر لە نوێیانە . دابەش بوونەوەی دەسەڵات , جیگۆڕکێ پێکردنیەتی لە باری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لە نێوان کەسەکان و لایەنەکاندا .

دەست ڕاگەیشتنی ئۆپۆزیسیۆنێک بە دەسەڵاتێکی زیاتر لە بەرانبەر حوکومەتی وڵاتەکەیدا , بە مانای لێسەندنەوەی ئەو دەسەڵاتەیە لە حوکومەتەکە . جا بڕی دەسەڵاتەکە هەرچەندێک بێت لە هەردوو لاوە " واتە لای ئۆپۆزیسیۆن و لای حوکومەتەوە " دابەش دەبێتەوە بە سەر هەر هەموویاندا لە سەرەوە بۆ خوارەوە . بڕی دەسەڵاتی داگیرکراو لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە , جیگاوڕیگای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە لە کۆمەڵگادا و لە بەرانبەر حوکومەت و هاووڵاتییاندا دەباتە ئاستێکی بەرزترەوە . ئەڵبەتە بڕی ئەو دەسەڵاتە داگیرکراوە لە لایەن سەرانی ئۆپۆزیسیۆنەوە هەوڵی پەیگیرانە لە ڕاستای پاوان کردنیدا دەدرێت , بەڵام ئەم پاوان کردنە لە هیچ کات و شوێنێکدا ڕەها نەبووە و هەرگیزیش ڕەها نابێت . پاوان کردنی دەسەڵات لە لایەن هیچ دیکتاتۆرێکیشەوە نەیتوانیوە بۆ چرکەساتێکیش ڕەهایی بە خۆیەوە ببینێت . پاوانخوازیی لە دەسەڵاتدا هەمیشە ڕێژەدارە . ئەو بڕی دەسەڵاتەی کە ئۆپۆزیسیۆنەکە لە سەر لێسەندنەوەی لە حوکومەت بە دەستی هێناوە , لە باری چەندایەتییەوە دابەش دەبێتەوە بە سەر هەر هەموویاندا , وە لە باری چۆنایەتییشەوە لە جیاوازییەکی ڕەهادا دەژی " واتە ئەگەر بەشی دوو کەسیش وەکو یەک وابن لەو دەسەڵاتەدا , بەڵام جیگاوڕیگای کۆمەڵایەتی هەر یەکێکیان و چۆنیەتی هێزی تاکایەتییان و ڕادەی بە بڕشتیی بیریان و مەودای هاتنەوەی ئارەزووەکانیان لەگەڵیدا , ئەو فاکتەرانەن کە ناهێڵن چوونیەکی هەرگیزاوهەرگیز لەو بوارەدا بە تەواوی دروست ببێت " . بارودۆخی ئەم دابەش بوونەوەیە بۆ حوکومەتیش سەبارەت بەو بڕە دەسەڵاتەی لە دەستی داوە , هەروا دەکەوێتەوە . یانی هەمان شت " هەر وەتر " بە سەر هەموویاندا دابەش دەبێتەوە .

بێگومان ئۆپۆزیسیۆن پێش ئەوەی لە داگیر کردنی بڕی جۆراوجۆری دەسەڵاتی سیاسیدا بچێتە

پێشەوە , خۆی خاوەنی بڕێک لە دەسەڵاتی سیاسییە . ئۆپۆزسیۆنی بێ دەسەڵات لە هیچ شوێنێکی دونیادا بوونی نییە. ئۆپۆزیسیۆن چەندیش لاواز بێت , هێشتا هەر خاوەنی هەندێک لە دەسەڵاتی سیاسییە . ووشەگەلی وەکو حوکومەت و هێز و لایەن و حزب و ڕێکخراو و میلیشیا و هتد , ناتوانرێت بە بێ دەسەڵات پێناسە بکرێن . هیچ ووشەیەک لەوانە بێ هەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و بەرجەستەبوونی نە بەکار دەهێنرێت و نە دەشتوانرێت بەکار بهێنرێت . نەک هەر ئەوەندە بەڵکو جەوهەری هەر یەکێک لەوانە دەسەڵاتە . دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لە کۆمەڵگاکاندا و بە پێی چوونە پێشەوەی ململانێی مرۆڤەکان لەگەڵ سروشتدا , لە برەودایە .

واتە دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگای چینایەتیدا , یەکێک لە خاسیەتەکانی , گەشە کردنیەتی . چوونە پێشەوەی بەرهەمهێنان لە هەر ووڵاتێکدا , چوونە پێشەوەی دەسەڵاتی سیاسیش بەرهەم دەهێنێت . سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە سروشتە , بەڵام سەرچاوەی نەهامەتییەکانی مرۆڤایەتی , دەسەڵاتی سیاسییە . تەنیا بە نەمانی دەسەڵاتی سیاسی , مرۆڤایەتی ڕزگاری دەبێت . بەڵام بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە ناو ببرێت , دەبێت لە بنەوەڕا , لە سەر بناغەی لابردنی دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەنگاوی بۆ بنرێت . هەنگاو نانیش لەو بوارەدا بەستراوەتەوە بە هەڵتەکاندنی ئەو زەمینەیەوە کە دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکانی لە سەر دروست دەبێت . ئەو زەمینەیەش کە ئەو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییانەی لە سەر دروست دەبێت , زەمینەی دەسەڵاتی تاکایەتییە . کەواتە خەبات کردن بۆ لە ناوبردنی دەسەڵاتی سیاسی لە سەر بناغەی کار کردنێکەوە بە ئەنجام دەگات کە لە بواری دەسەڵاتی تاکایەتییدا بێت . هەموو خەبات کردنێکی سیاسی لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە , چەند بە باری بەرژەوەندی هاووڵاتیانیشدا بشکێتەوە , هێشتا هەر لەوە تێناپەڕێت کە خەباتێکی ڕیفۆرمیستانە بێت . تەنیا خەباتێک کە ڕیفۆرمیستیی نەبێت و بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی بنەڕەتی بێت , ئەو خەباتەیە کە بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی سیاسی دەست پێدەکات . خەبات کردنیش بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی سیاسی , تەنیا بە پڕاکتیک کردنی دروشمی : " یەکسانی لە دەسەڵاتدا " دەست پێدەکات .

ئەم دابەش بوونەوەیە لە دەسەڵاتی سیاسیدا لە نێوان ووڵاتەکان لە لایەک و حوکومەتەکان و ئۆپۆزیسیۆنەکانیش لە لایەکی ترەوە , هەرگیز ڕزگار بوونی بۆ مرۆڤەکانی هیچ ووڵاتێک لە هەگبەدا هەڵنەگرتووە . هەموو هێزە سیاسییەکانی دونیا بە حوکومەتەکانیشەوە , چەواشە کردنی خەڵک خاسیەتێکی بنچینەیی و ناوکۆییانە . پاوان کردنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ هەر یەکێکیان بە توندی بەستراوەتەوە بە چەواشە کردنی خەڵکەوە . هەرچەندە پاوان کردنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن حوکومەتەکانەوە بە بەرزترین ئاستی خۆی گەیشتووە و دەگات , بەڵام ئۆپۆزیسیۆنەکانیش هەمیشە کۆسپی بەردەم چوونەسەری ئەو پاوان کردنە بوون و دەبن . هەمیشە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە هەموو جۆرێکیانەوە بەشێکی بەرچاویان لەو دەسەڵاتە پێ براوە . کێشمەکێشی دەسەڵاتی سیاسی نەک هەر لە نێوان حوکومەت و ئۆپۆزیسیۆندا لە هەر کۆمەڵگایەکدا بووە و هەیە , بەڵکو لە نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن خۆشیاندا و تەنانەت لە ناو خودی حوکومەتەکان و لە ناو خودی هەموو لایەنێکدا " حزب , ڕێکخراو , میلیشیا , گرووپ " هەبووە و هەیە .

دەسەڵاتی سیاسی لە بنەڕەتدا ناکۆکە بە مەسەلەی ویژان و ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان . لەگەڵ ئەوەدا کە دەسەڵات لە شێوە مرۆیی و تاکایەتییەکەیدا ئامڕازە بە دەستی مرۆڤەوە , کەچی لە شێوە

کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیدا مرۆڤ دەکات بە ئامڕازی دەستی خۆی . وەدەرنانی خاسیەتی مرۆیی لە هەر دیاردەیەک " وەک دەسەڵاتی سیاسی " لەوێوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ لە ئامڕاز بووندا دەبینێتەوە نەک لە ئاسۆ و ئامانجدا . تواندنەوەی ڕزگار بوونی مرۆڤ وەکو تاک لە ڕزگار بوونی گشتیدا " مرۆڤ وەکو کۆ " هەمیشە چەوساندنەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بووە پێکەوە . هەموو ئایدیایەک بەو ئەندازەیەی کە لە ڕزگار بوونی تاکی مرۆڤەوە دەست پێدەکات , بەو ئەندازەیە مرۆیی بوونی خۆی ئاشکرا دەکات . هەمیشە ڕزگار بوونی تاکی مرۆڤ بناغەیە بۆ ڕزگار بوونی گشتیی , نەک بە پێچەوانەوە . ئەوەی هەتا ئێستا کراوە بە ناوی ڕزگار بوونی گشتییەوە , زەوت کردنی مافی تاکایەتی مرۆڤ بووە . ڕزگار بوونی گشتیی هەمیشە دەمامکی ڕێکخراوە سیاسییەکان و حزبەکان و میلیشیاکان و حوکومەتەکان بووە , بۆ درێژەدان بە چەوساندنەوەی مرۆڤەکان . ڕاستە گرفتەکە لەویادایە کە ڕزگار بوونی تاک دەبێت لە دووتوێی ڕزگار بوونی کۆ " گشتیی " ەوە بێت , بەڵام دەبێت ئەو ڕزگار بوونی " کۆ " یە لە سەر بناغەی تەوەرە بەستنی بێت بە دەوری ڕزگار بوونی تاک " تاکەکەس " دا .

دەسەڵاتی سیاسی کە بەرئەنجامی دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکانە , هۆکاری چەوساندنەوە و کوشتن و بڕینەکانی جیهانە . ئەم شێوەیە لە دەسەڵات " دەسەڵاتی سیاسی " نەک لە لایەن حوکومەتەکان و ملیشیاکان و حزبەکان و ڕێکخراوەکانەوە ویژدان نابێتە ئامڕازی دابەش کردن لە نێوان ڕیزەکانیاندا , بەڵکو تەنانەت لە نێوان ڕیزەکانی ڕابەرایەتییەکانیشیاندا , ئەو بە ئامڕاز کردنەی ویژدان لە دابەش کردنی دەسەڵاتدا , بەرقەرار ناکرێت . مەسەلەکە لەویادا نییە کە یەکێک یان چەند کەسێک لە هەچ یەکە " وەحدە " یەکی دەسەڵاتی سیاسیدا بێت , نایەوێت و نایانەوێت هەموو دەسەڵاتەکە پاوان بکات یان پاوانی بکەن , بەڵکو گرفتەکە لەویادایە کە ئەمە بە هیچ شێوەیەک کردەیی نابێتەوە . یانی دابەش کردنەوەی دەسەڵات حاڵەتێکی ناچارییە . شتێک نییە لە ئیرادەی مرۆڤدا بێت . دەسەڵاتی سیاسی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەرگیز بە ڕەهایی لە لایەن کەسێکەوە یان چەند کەسێکەوە پاوان نەکراوە و نایشکرێت . یانی دەسەڵاتی سیاسی لە هیچ شوێنێکدا و لە هیچ سەردەمێکیشدا نە بە ڕەهایی پاوان کراوە و نە بە ڕێکییش دابەش کراوە .

هەرچی کێشمەکێش هەیە لەم بواری دەسەڵاتە سیاسییەدا , هەر لە ئاشتی ترین شێوازیەوە تا دەگات بە توندوتیژترین شێوازی , لە پێناوی دابەش کردنەوەی سەر لە نوێیدا بووە . هەرچی قوربانییەکانی دونیا هەیە " بە کوژراوەکان و گیان بەختکردووەکان و خۆبەخشەرەکانەوە " لای دەسەلاتخوازانەوە لە بنەڕەتدا , بە دابڕاویی لە دەسەڵاتیان , لە پێناوی نەتەوە و نیشتمان و پرەنسیپ و ڕزگار بوونی کۆمەڵگاکان و نەمانی چەوساندنەوەی جیهانییانەی مرۆڤەوە نەبووە . بەڵکو هەمووی لە پێناوی دابەش کردنەوەی سەر لە نوێی دەسەڵاتەکانەوە بووە . واتە یان جێگۆڕکێ بە خاوەن دەسەڵاتەکان کراوە یان بە هەندێک لە بەشەکانی دەسەڵاتەکەیان . ئەوانەی کە لەو پێناوەدا بوون بە قوربانی , گەورەترین تاوانە کە دەسەڵاتخوازانی دونیا لە بەرانبەریاندا پێی هەڵساوون . ئەوانەی کە بوون بە قوربانی چ لە پێناوی بیروباوەڕێکدا بووبێت یان بە زۆر ڕاکێشرابێتنە مەیدانی شەڕەکانەوە , مرۆڤ بوون و تاوانێک کە مرۆڤایەتی لێیان خۆش نابێت بە هەقیان ئەنجام دراوە . هەرچەندە ئەوانەی بوونەتە قوربانی و ئەوانەشی کە بەڕێوەن , یان بەدژی نا بەرابەرییە نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینیی و کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییەکان و زەوت کردنی ئازادییەکانەوە خەباتیان کردووە و دەیکەن یان بە زۆری

یاساکان و دامودوزگا سەرکوتگەرەکانی ترەوە بۆ گۆڕەپانەکانی خوێن ڕشتنەکان ڕاکێشراوون و ڕادەکێشرێن , بەڵام بەرهەمی ئەو گیانبازیی و بە ئامانج گەیشتنەیان هەمیشە بە کەڵەکە بوونی دەسەڵات و لەودیویشیەوە بەرژەوەندییە مادییەکان بۆ دەستە و تاقم و هێز و لایەنە جۆربەجۆرەکان تەواو بووە و تەواویش دەبێت .
دەسەڵاتخوازان هەمیشە پرەنسیپەکان و بەها مرۆییەکان و ڕزگار بوونەکانیان , لە جۆرێک یان لە هەموو جۆرێکی چەوساندنەوە , کردووە بە دەمامک و ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆیانیان پێ شاردووەتەوە . ئەو ڕابەر و سەرکردانەش کە بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەوە خەباتیان بۆ هەڵپێچانی چەوساندنەوەی چینایەتی یان هەر جۆرێکی تری چەوساندنەوە کردووە , زانیبێتیان یان نەیانزانیبێت , لە پێناوی خۆیاندا بووبێت یان لە پێناوی بە ئەنجام گەیاندنی پۆزەتیڤانەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە بووبێت , نەیانویستووە باڵانسی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان لە ژێر ناوی هیچ بۆنە و هۆکار و بارودۆخێکدا تێک بچێت . واتە هیچ ڕابەر و سەرکردەیەک تا ئێستا نەیتوانیوە لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتخوازییەوە , خەباتی پەیگیرانە بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە هیچ شوێنێکدا بکات . وە گرفتی بنەڕەتی ڕزگار بوونی مرۆڤایەتیش ئا لێرەدایە .
خەبات بۆ ئازادی مرۆڤ دەبێت لە بازنەی دەسەڵاتخوازیی دەربچێت . دەسەڵات و ئازادی دوانەیەکی دژ بە یەکن . خەبات بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤ دەبێت لە ئازاد بوونی ئازادی خۆیەوە دەست پێبکات . مرۆڤ بۆیە دییلە چونکە ئازادی دییلە .تا ئازادی لە دەسەڵات ئازاد نەکرێت , مرۆڤ ئازاد نابێت . ڕاستە دەستکەوتەکانی مرۆڤ لە پرۆسەیەکی مێژووییدا و لە سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەتا هاتووە زیاتر و زیاتر بووە , بەڵام ئەوە لە ئەنجامی خەباتی نەبڕاوەی کۆمەڵانی خەڵک و هەڵسانە جەماوەرییەکان و ڕاپەڕینە بەرفراوانەکان و شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکانەوە بووە . دەستکەوتەکان هەمیشە بەو برە بە دەست هاتوون کە دەسەڵاتی دەسەڵاتخوازانیان پێ کەم کراوەتەوە . چوونە پێشەوەی شارستانیەتی هەر کۆمەڵگایەک لە دوایین لێکدانەوەدا چوونە پێشەوەی دەسەڵاتی سەرجەم مرۆڤەکانیەتی لە بەرانبەر دەسەڵاتداراندا . هەموو چوونە پێشەوەیەک لە بوارەکانی مافی مرۆڤدا , لە لایەکەوە چوونە پێشەوەیە لە بەرانبەر دەسەڵاتداریەتی دەسەڵاتداراندا و لە لایەکی تریشەوە نزیک بوونەوەیەکە لە یەکسانی لە دەسەڵاتدا . شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەتی شۆڕشە کرێکارییەکان لە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیاندا , تا ئەو کاتەی پاشەکشەیان پێ کراوە , یەکسانییان لە دەسەڵاتدا بە ڕادەیەکی بەرچاو لە ناو خۆیاندا بەرهەم هێناوە .
سەرتۆپی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتیانەی کە تا ئێستا کراوە و لە بواری یەکسانی لە دەسەڵاتدا پەیگیر بووە و هەنگاوی گەورەی ناوە , شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکارانی پاریس بووە کە لە مێژوودا بە کۆمۆنەی پاریس ناسراوە . لەو شۆڕشەدا هەرچەندە کێشەی دەسەڵاتدارێتی بە تەواوی چارەسەر نەکراوە و دروشمی یەکسانی لە دەسەڵاتدا وەک پێداویستی ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی لە دەست هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک ڕێک بە ڕێک , بە بێ زیادوکەم . جێبەجێ نەکراوە , بەڵام تەنیا ئەزموونێکە کە دەستکەوتێکی گەورەی بۆ سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەو بارەیەوە بە دست هێناوە . ئەوەی کە کۆسپی گەورەی بەردەم چوونە پێشەوەی خەباتی کرێکاران و بەرپا کردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتییانە , خودی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییە کە بە تەنیا بزووتنەوەی پێشڕەوانی چینی کرێکار لە زەمانی مارکس ەوە تا ئێستا پێناسە کراوە . وە گرفتی بنچینەیی لە دابڕانی ئەم بزووتنەوەیە " واتە بزووتنەوەی

کۆمۆنیستی " له چینی کرێکار له دروست بوونی حزبه کۆمۆنیستەکاندا بووە . وە نەهاتنەوەی حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیش لەگەڵ خەباتی چینی کرێکار و ڕێگرتن له چوونه پێشەوەیدا , له تەوەرە بستنیاندا بووە بە دەوری دەسەڵاتدا . واته دوەسەڵاتخوازیی له حزبەکاندا , کۆسپی هەره گەورەی بەردەم چوونه پێشەوەی خەباتی کرێکاران بووە . تەنیا گرفتێک که له مارکسیزمدا بنچینەییەو تا ئێستا چارەسەری بۆ دانەنراوە , گرفتی دەسەڵاتخوازیی کۆمۆنیستەکانه .

تا مارکسیزم لەم مەیدانەدا بە خۆیدا نەچێتەوە و گرفتی دەسەڵاتخوازیی کۆمۆنیستەکان چارەسەر نەکات , ناتوانێت ببێت بە زانستی ڕزگاریبەخشی چینی کرێکار و سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی . لەگەڵ ئەوەشدا که مارکسیزم وەکو تیۆرییەکی بەرجەسته و هەمەگیر له پێناوی ڕزگار بوونی چەوساوەکان و هەر هەموو مرۆڤایەتیدا داڕێژراوە , بەڵام چارەسەر نەکردنی دەسەڵاتخوازیی کۆمۆنیستەکان تیایدا ئەو دەلاقەیەیه که سەرمایەداری لێیەوە هاتووەته ژوورەوە و دێت . میکانیزمەکانی دەسەڵاتخوازیی له حزبه به ناو کۆمۆنیستەکاندا که بریتین له ناوەندێتی سەرەوە و زنجیره مەراتیب و دیسپلینی حزبیی , تەنیا به وەلانانیان ئەو کێشەیه " کێشەی دەسەلاتخوازیی " تیایاندا بنەبڕ دەکرێت . لەگەڵ ئەوەدا که خودی مارکس له سەر ئاسته جیهانییەکەی به شوێن نەهێشتنی دەسەڵاتی مرۆڤەکانەوە بووە بە سەر یەکترییەوە , کەچی ئەم دەسەڵاتخوازییه له مارکسیزمدا بۆ کۆمۆنیستەکان , کراوە بە گەورەترین دەستکەوتی خەبات بۆ ڕابەرایەتییەکان . خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو حزبەکانی دونیا به بێ جیاوازی , هەر له ڕاسترین ڕاستەوە هەتا چەپترین چەپ , مەسەلەی دەسەڵات و جێگۆڕکێ پێکردنی حزبییانەیەتی . ئەوەی که بۆ ئایدیاکان و پرەنسیپەکان و ڕزگار کردنەکان دەمێنێتەوە و گوایه وەکو حزب له پێناوی ئەواندا دروست بوون , له چەواشه کردنی خەڵک زیاتر شتێکی تر نییه . هەموو حزبەکان خەڵکیان تەنیا وەکو ئامڕازی به دەیهێنانی ئامانجەکانیان که تۆکمه کردنی دەسەڵاتی ڕابەرایەتییەکانیانه دەوێت . نەسرەوتن هەتا سەرکەوتن , که درشمی خەباتگێڕانەی ئەم حزبانه هەر هەموویانه ,, له ڕاستیدا نەسرەوتنه بۆ لێسەندنەوە و کۆکردنەوە و تالآن کردن له دەسەڵاتدا تا سپاردن به دەسته و تاقمەکانی ڕابەرایەتییەکان . حزب ئامڕاز نییه بۆ خەبات , ئامڕازه بۆ دەسەڵات . پێش ئەوەی حزب دەسەڵات دروست بکات , دەسەڵاتخوازیی حزب دروست دەکات . یاساکانی بزووتنەوە " حەرەکه " له دیاردەی حزبدا , یاساکانی دەسەڵاته .

ئەوە یاساکانی به دەستهێنان و جێگیر کردن و تۆکمه کردنی دەسەڵاته که بڕەکان و جۆرەکان و ئاراستەکانی کار کردن بۆ حزبەکان دیاری دەکات . ڕابەرەکان وەکو تاک و ڕابەرایەتییەکانیش وەکو کۆ , بەو ئەندازەیەی که لەگەڵ یاساکانی بەڕێوە بردن و بردنه پێشەوەی دەسەڵاتەکاندا دێنەوە ,, بەو ئەندازەیه پارێزگاری له مانەوەی خۆیان و حزبەکانیان و داهاتووی ڕۆشنتریان دەکەن . حزب له پێناوی دەسەڵاتدا دروست دەبێت و بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتیش پێویستی به کۆمەڵێک میکانیزمی وەک ناوەندێتی سەرەوە و زنجیره مەراتیب و دیسپلین و کۆنگره و کۆنفرانس و کۆبوونەوەی کادران و ... هتد هەیه . دەسەڵاتیش بۆ خۆی " سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی " خاسیەتی کۆمەڵگای چینایەتییه . یانی تەنیا لێدان له دەسەڵات " به هەردوو ڕوخساره سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیەوە " مرۆیی یه و هەر تەنیا ئەوەش " واته ئەو لێدانه له دەسەڵات " خاوەنی خاسیەتی هەڵپێچانی جیاوازی چینایەتییه . پێوەری مرۆیی بوونی هەر حزبێک بەستراوەتەوە به ئەندازەی لێدانیەوە له دەسەڵات نەک وەرگرتنی .

دەسەڵاتە سیاسییەکان هەرچەندە لە سەر بنەمای دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵدەستن بەڵام لە جەوهەردا دەسەڵاتە تاکایەتییە تاڵان کراوەکانن و ڕوخسارێکی جیاوازیان پۆشیوە . دەسەڵاتی سیاسی بە هەموو جۆرێکیەوە , دەسەڵاتی داگیرکراوی تاک" فەرد " ەکانی کۆمەڵگایە . ئەم دەسەڵاتە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان , نەک لە نێوانی حوکومەتەکان و حزبەکان و دەستە و تاقم و میلیشیاکاندا دەستاودەستی پێ بکرێت . خەبات کردن بۆ گەڕاندنەوەی ئەو دەسەڵاتە بۆ خاوەنەکانیان لە ژێر دۆوشمی " یەکسانی لە دەسەڵاتدا " , مرۆیی ترین خەبات و ڕۆشنترین ڕێباز و گرنگترین چارەسەرە بۆ ڕزگار بوونی تەواوی مرۆڤایەتی لە سەرانسەری دونیادا . حزب دەبێت لە سەر بناغەی " یەکسانی لە دەسەڵاتدا " بۆ کۆمۆنیستەکان و کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی تری چەوساوە دروست ببێت . ئەو حزبەیە دەتوانێت لەگەڵیاندا بچێتە پرۆسەی دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای سۆشیالیستییەوە . ئەو حزبەیە دەتوانێت لە پێناوی ڕزگار بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دابمەزرێت و هەر لە یەکەم ڕۆژیشیەوە نموونەی بەدیهاتنی ئاواتی دێرینەی چەوساوەکان لە ناو خودی خۆیدا " واتە لە ناو حزبدا – حزبی بەریینی کرێکاران – یان حزبی بەریینی چەوساوەکان _ یان حزبی بەریینی : هەر ناوێکی تری شایستە بە ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی – "کە ئازادی و یەکسانییە لە دەسەڵاتدا بخاتە ڕوو . ئەو حزبەیە کە دەتوانێت بۆ لێدان لە دەسەڵات نەک وەرگرتنی , کۆمەڵێک میکانیزمی تازە بێنێتە ئاراوە .

شەڕ لە نێوانی چەوساوەکان و چەوسێنەراندا , نابێت شەڕی دابەشکردنەوەی دەسەڵات بێت , دەبێت شەڕی هەڵپێچانی دەسەڵات بێت .

گرفتی مرۆڤایەتی لە ئەمڕۆدا لەویادایە کە هەموو هێز و بەرە و لایەنەکان لە هەموو بزووتنەوەکاندا , شەڕی دابەش کردنەوەی دەسەڵات دەکەن . تراژیدیای ئەمڕۆی مرۆڤایەتی ڕێک ئەمەیە , واتە نەبوونی حزبێک , هێزێک , لایەنێکە کە دروشمی یەکسانی لە دەسەڵاتدا هەڵبگرێت و خەبات لە پێناوی سەروەری مرۆڤەکانی کۆمەڵگادا بکات وەکو مرۆڤ , نەک وەکو هێز و چین و توێژ و دەوڵەت و ڕژێم و کۆمەڵگا و چی و چی . لایەنێک نییە بڵێت ئەوا من دەسەڵاتخوازی خۆم وەلا دەنێم و دێمە کۆڕی خەباتەوە بۆ وەلانانی دەسەڵاتخوازی هەموو لایەک . هێزێک نییە بڵێت من چوونیەکی مرۆڤەکان لە باری دەسەڵاتەوە بە فەرمی دەناسم و خەباتیش بۆ ئەو چوونیەکییە خاڵی لێوە دەرچوون و گەڕانەوەم دەبێت . ئەوەی کە بووە و هەیە هەتا ئێستا هەر هەڵپە کردن و خەڵک بە کوشتدانە بۆ دابەش کردنەوەی سەر لە نوێی دەسەڵات .

نە ئیسلامییەکان لە پێناوی خوادا لە دەسەڵاتی حزبییانەی خۆیان دادەبەزن و نە ناسیۆنالیستەکان لە پێناوی نەتەوە و نیشتماندا لە دەسەڵاتی حزبییانەی خۆیان دادەبەزن و نە کۆمۆنیستەکانیش لە پێناوی چینی کرێکار و سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم و مرۆڤایەتیدا لە دەسەڵاتی حزبییانەی خۆیان دادەبەزن . نەک هەر ئەوەندە بەڵکو هیچ یەکێک لەم حزبانە لە پێناوی ئازادی ئەندامەکانیدا , ڕابەرایەتییەکەی ئامادە نییە بە پێی بۆلواندن " ئەگەر بۆی بلوێ " بچوکترین سازش " مساوەمە " لە سەر مەسەلەی دەسەڵات " واتە دەسەڵاتی ڕابەرایەتی " بکات . واتە نە ڕابەرایەتییەکانی ئەم حزبانە و نە ڕابەرایەتی هیچ حزبێکی تر لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێت لەم دونیایەدا , ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەک ساتوسەودا لەمەڕ دەسەڵاتەکەیەوە بکات , ئەگەر بە زۆری ئەندامان یان هێزێکی دەرەکی ڕانەکێشرێتە ئەو مەیدانەوە . حزبەکان و هێز و لایەنە دەسەڵاتدارەکان لە دابەش کردن و دابەش

کردنەوەی ناوە ناوەی دەسەڵات بە سەر ڕیزەکانی خۆیاندا , هەمیشە کەمترین دەسەڵات بە ڕیزەکانی خوارەوە و زۆرترین دەسەڵات بە ڕیزەکانی سەرەوە دەبەخشن . دروست کردنی درز و کەلێن لە نێوان ڕیزەکانی خوارەوەدا و لاکردنەوە لێیان بە پێی تەوەرە بەستنیان بە دەوری ڕیزەکانی سەرەوەدا , یەکێکە لەو بەرئەنجامانەی کە سیستمی دابەش کردنەوە لە دەسەڵاتدا , لەگەڵ خۆیدا هەمیشە هێناویەتی و دەیهێنێت .

سیکتاریستی کە خاسیەتێکی حزبیانەی هەموو حزبەکانی دونیایە بە پەیوەند بە پاراستن و تۆکمە کردنی دەسەڵاتی ڕابەرایەتییەوە دروست دەبێت و گەشە دەکات . پەیوەندی نێوان سیکتاریزم و ڕابەرایەتی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە , بەڵام پەیوەندی نێوان سیکتاریزم و ئەندامان پەیوەندییەکی پێچەوانەیە . سیکتاریزم لەگەڵ گەشە کردنی حزبدا گەشە دەکات , وە لەگەڵ لاواز بوونی حزبیشدا لاواز دەبێت . یانی پەیوەندی لە نێوان سیکتاریزم و گەشە کردنی حزبیدا , ڕاستەوانەیە , وەک چۆن پەیوەندی نێوان گەشە کردنی حزب و ڕابەرایەتیش هەر هەمان جۆر , ڕاستەوانەیە . بە پێی ئەم تێگەیشتنە لەمەڕ حزب و ڕابەرایەتییەوە , هەموو چوونە پێشەوەیەکی حزب , چوونە پێشەوەی ڕابەرایەتی و " بە بەراوورد بە ڕابەرایەتییەوە " چوونە دواوەی ئەندامانی لێدەکەوێتەوە . چوونە پێشەوەی ڕابەرایەتی بە مانای بەهێز بوونی ڕابەرایەتی دێت کە تۆکمە بوونی دەسەڵاتەکەیەتی . هەموو تۆکمە بوونێکی زیاتری دەسەڵاتی ڕابەرایەتیش بە مانای پیادە کردنی سەرکوتی زیاتر دێت بۆ ئەندامانی خوارەوەی حزب و خەڵکانی دەرەوەش ئەگەر لە سنووری ئەو دەسەڵاتە حزبییەدا بن . ئەوەی کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە کە دەسەڵاتی حزبیی لە بنەڕەتدا بە مانای دەسەڵاتی ڕابەرایەتی دێت نەک ئەندامان . دیکتاتۆرییەت بەرئەنجامی کۆبوونەوەی دەسەڵاتەکانە لە دەستی ڕابەرایەتییەکدا و دواییش سپاردنیەتی بە یەکێک لە خۆیان بۆ دابەش کردنەوەی سەرلەنوێ بۆیان . پرۆسەی کۆبوونەوەی دەسەڵات بێ هەبوونی زنجیرە مەراتیب , بۆ ڕابەرایەتی بە ئەنجام ناگات . بەو هۆیەوە کە حزبەکان لە سەر بناغەی جیاوازی دامەزراون , بەو پێیەی کە زۆرینە چەوساوەکان و کەمینەش چەوسێنەران پێک دەهێنێت , مانەوەی دەسەڵات و تۆکمە کردنی زیاتری , پێویستی بە خڕکردنەوەی زیاتریەتی لە دەست کەمترین کەسدا . پێداویستی هەبوونی دەفتەر سیاسی لێرەوەیە . وە تەنانەت دەفتەر سیاسی " مەکتەب سیاسی " ش کە ژمارەیەکی کەمن , هێشتا بۆ چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستیاندا , ژمارەیەکی زۆرن . یانی خڕبوونەوەی دەسەڵات ژمارەیەکی لەوە کەمتریشی دەوێت , هەر بۆیە لە ناو ئەوانیشدا " واتە لە ناو مەکتەب سیاسیدا " چەند کەسێک " کە زۆربەی جار لە دوانەوە بۆ چوار زیاتر تێناپەڕێت " , کورسییەکانیان جێگیرتر و کەسایەتییان بەهێزتر و دەستیان ڕۆیشتوتر و قسەیان بە برشتترە . ئەو چەند کەسەش بۆ خۆیان یەکێکیان دەکەن بە سیمای ناسراوی خۆیان و بە سەر ئەوانی تریشدا ووردە وورده دایدەسەپێنن و لەوێشەوە بە درێژایی زنجیرە مەراتیب و پەل هاویشتنی ئەو زنجیرەیەش بۆ ناو ڕیزەکانی حزب , ئەم سیمایە دەکەن بە سیمای ناسراوی حزب و لەگەڵیشیدا بۆ خۆی سەرەتاکانی دامەزراندنی دیکتاتۆرییەت لە دایک دەبێت .

دەسەڵاتە سیاسییەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە توند لەگەڵ دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان و تاکایەتییەکان هەڵپێکراون لە یەکتری و کار و کردانەوەیان لە بەرانبەر یەکتریدا هەیە , بۆ خۆشیان " واتە دەسەڵاتە سیاسییەکان " بە گشت جۆرێکیانەوە لە پرۆسەی ڕاکێشان و وەلانانی یەکتریدا دەژین . ئەمە جگە

**لەوەی کە خودی دەسەڵاتە سیاسییەکان بە هۆی کێشمەکێشەکانی نێوان مرۆڤ و سروشتەوە و چوونە پێشەوەی مرۆڤ تیایدا و بە دەست هێنانی دەستکەوتەکان بە بەردەوامیی , هەمیشە لە زیاد بوون " واتە زیاد بوونی دەسەڵاتی سیاسی " و دابەش بوونەوەی نایەکسانانەی ئەو زیاد بوونانەدایە . پێوانەی چوونە پێشەوەی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا , بڕی چوونە پێشەوەیەتی لە بەرانبەر دەسەڵاتداریەتی سروشتدا . لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە سیاسییانەی کۆمەڵگاکانی ئەم سەر زەوییەدا , ململانێی مرۆڤایەتی لەگەڵ سروشتدا وورده وورده هەنگاو دەنێت , بەڵام هەبوونی ئەم دەسەڵاتانە هەرگیز ناهێڵن مرۆڤایەتی ئەو هەنگاوە گورج و گەورانە بنێت کە هەر ڕۆژێکی دەیان ساڵی لە ناو خۆیدا هەڵگرتووە . پرۆسەی دابەش بوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی , لە ڕاستیدا پرۆسەی لە قاڵبدانی چوونە پێشەوەی مرۆڤایەتییە .**

**2006-06-5**